هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی /
هۆبەی تۆماری ئەلیکترۆنی و پلانی خوێندن

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Presidency of Sulaimani Polytechnic University

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية التقنية
مديرية التسجل العام /
شعبة التسجيل الالكتروني وتخطيط الدراسات

ژمارە ٥٢٥١
ڕێکەوت: ١٦ / ٨ / ٢٠١٦ی زایینی
/ / ٢٧١٦ی کوردی

No:
Date:

بۆ / گشت کۆلێج و پەیمانگاکان
بابەت/ ڕێنمایی گواستنەوە و دابەزین

پاش سڵاو ......

دوابەدوای گشتاندنمان ژمارە ( ٤٧٤٢ ) لە ( ٢٠١٦/٧/١٩ ) .
هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون / بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن ژمارە (١١٦١٩) لە (٢٠١٦/٨/٤ ) تایەبت بە ڕێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزین دەنێرین بۆتان بۆ کاری پێویست .

لەگەڵ ڕێزدا...

بەختیار عبید شریف
بەڕێوەبەری تۆماری گشتی

هاوپێچ:
نوسراوی ژمارە ( ١١٦١٩ ) لە ( ٢٠١٦/٨/٤ ) .

وێنەیەک بۆ:
- نوسینگەی بەڕێز/ سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز/ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی/ هۆبەی تۆماری ئەلکترۆنی.
- دۆسیەی دەرچوو.

زەنگین ( ٢٠١٦/٨/١٦ )

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون
بەرێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة
مديرية القبول المركزي

No: ژمارە: ٥/ ١١٦١٩
Date: رێکەوت: ٢/٨/ ٢٠١٦ ی زاینی
رێکەوت: ١٥/٥/ ٢٧١٦ ی کوردی

بۆ/ گشت زانکۆکانی هەرێم/ ب. تۆماری گشتی

ب/ ڕێنمایی گواستنەوە و دابەزین

سلاو و رێز.....

دوابەدوای نووسراومان ژمارە ١٠٣٦٧/٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/٢٩، وە لە ئەنجامی تاووتوێ ی بابەتەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە زانکۆکان و بە مەبەستی چارەسەر کردنی بابەتە پەیوەندیدارەکان ڕەچاوی ئەو خالانەی خوارەوە بکرێت :-

**یەکەم/ دابەزین:-**

١- ئەو قوتابی / خوێندکارانەی کە لە ساڵی پێشتر وەرگیراون و لە قۆناغی یەکەمدا ماونەتەوە( بە هۆی کەوتن یا دواخستن) یاخود دەرچوویێت لە قۆناغی یەکەم بۆ قۆناغی دووەم دەتوانن دابەزین بکەن بە پێ ی کۆنمرەی ساڵی وەرگرتنیان لەگەڵ هەژمار کردنی ساڵی کەوتن یا دواخستن یا ئەو ساڵەی کە دەرچووە و دابەزینی تیادا دەکات لە میچی خوێندن ، وە بە ڕەچاو کردنی (وانە پسپۆرییەکان( دروس المفاضلە)) ی ئەو بەشەی دابەزینی بۆ دەکات.

٢- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە دووساڵ لەسەر وەرگرتنیان تێپەر بوویێت لە قۆناغی یەکەم یا دووەمدابن بۆیان هەیە داوای دابەزین بکەن بە سیستەمی پاراڵیل بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ٥٠% پارەی پاراڵیل بۆ هەر ساڵیکی خوێندن.

ب- مەرجە کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار وەرگیرابێت لەو شوێنەی کە داوای دابەزینی بۆ دەکات لەساڵی وەرگرتنیدا لە زانکۆ.

**دووەم / ڕاکێشانی دۆسیە:-**

١- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار تەنها ساڵیکی خوێندن بەسەر ڕاکێشانی دۆسیەیان تێپەربووە دەتوانن بگەرێنەوە بۆ هەمان بەش کە لێ ی وەرگیراون وە ئەمساڵە لە میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.

٢- ئەگەر زیاتر لە ساڵیکی خوێندن بەسەر ڕاکێشانی دۆسیەکەی تێپەر بوویێت و لە قۆناغی یەکەمدا بێت ئەوا بە تێکڕای پارەی سیستەمی پاراڵیل دەگەرێتەوە، بەلام ئەگەر لە سەرووی قۆناغی یەکەمدا بێت ئەوا بە نیوەی ئەو برە پارەیە دەگەرێتەوە.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. محمد صابر مصطفی
بەرێوەبەری گشتی

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی جەنابی وەزیر/ بۆ زانینی بەڕێزتان لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کارگێری و دارایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
-- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە.

www.mhe-cao.com
E-mail:kurdistan_adm@yahoo.com

ناونیشان: هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوك، شەقامی هادی چاوشلی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٣١٢٢٥